پرۆژەی (١٠٠) کتێبی بواری کۆمپیوتەر و ئەنتەرنێت

زنجیرەی (٢٣)

سەرپەرشتیاری پرۆژەکە: ئارامی مەلا محەمەد

لە نێوەندی ئارامەوە بڵاوەکراوەتەوە

لە گەڵ ئەم کتێبەدا دیسکێک بەدیاری وەربگرە

ئەو زانیارییە خێرایانە وەربگرە کە فێربوونی ویندۆزی ڤیستا ئاسان و سادە دەکەن! ئەم پڕۆگرامە بێ-زیادەیە هەنگاوی ژمارەدار و زمانی سادە و ڕوون بەکاردێنێت بۆ پیشاندانی کاراترین ڕێگە بۆ فێربوونی ئەنجام دانی کارەکان و چارەسەرکردنی کێشەکان.

ناوی کتێب : ویندۆزی ڤیستا

نووسین و ئامادەکردنی: إکرام هادی

شوێنی چاپ : سلێمانی ٢٠٠٨-٢٠٠٩

نۆبەتی چاپ : چاپی یەکەم

شوێنی بڵاوکردنەوە : نێوەندی ئارام

نرخی کتێب : تەنها پێنج هەزار دینارە

بۆدەست کەوتنی ئەم پەرتوکە پەیوەندی بکەبە نێوەندی ئارامەوە

ئاسیا ١٩١٨٥٦٥ سانا ١٢٤١٥١٨

کاری کۆمپیوتەر : ئامادەکار — نێوەندی ئارام

Preview sample - page 1 of 4 - Soran University Academic Digital Library

بەشی یەکەم
دەربارەی ئەم کتێبە



زمانی کۆمپیوتەر بەسە!

با ڕووبەڕووی بینەوە، کاتێک ئیشێکت لەبەردەستایە کە نازانیت چۆن بیکەیت بەڵام پێویستە بە پەلە ئەنجامی بدەیت، یان لە ناوەڕاستی ئیشێکدا چەقیویت و نازانیت هەنگاوی دواتر چییە بیکەیت، هیچ شتێک ئەوەندی ئەوە بێزارکەر نییە کە پێویست بکات لاپەڕە لەدوای لاپەڕە لە کتێبێکی تەکنیکی کۆمپیوتەر بخوێنیتەوە. تۆ تەنها پێویستت بە زانیارییەکەیە، نە زیاتر، نە کەمتر،ئینجا تۆ ئێستا دەتەوێت! ئەمەش پێویستە ئاسان بێت بۆ تۆ کە بیدۆزیتەوە و لێی تێبگەیت.

ئەم کتێبەش هەمووی دەربارەی ئەوەیە. بە زمانێکی سادە نووسراوە، بەبێ ووشەی تەکنیکی گەورە و دەستەواژەی سەیر. هیچ کردارێک لەم کتێبەدا لە دوو لاپەڕە زیاتری پێ ناچێت. تەنها ئەوەی پێویست ئەکات بیکەیت دۆزینەوەی کردارەکەیە لە خشتەی بابەتەکاندا، ڕۆشتن بۆ سەر لاپەڕەکە، ئینجا لەوێشدا هەموو ئەو زانیارییەی تێدایە کە دەتەوێت، هەنگاو بە هەنگاو. تەنها دوای هەنگاوەکان بکەوە و کارەت بەئەنجام بگەیەنە.

بڕێک "تێبینی" سوودبەخشمان لە کتێبەکەدا بلاو کردووەتەوە، کە باسی هەندێک تایبەتمەندێتی نوێی وێندۆزی ڤیستا دەکەن. جار جارەش "ئەمە تاقی بکەرەوە" و "ئاگادار بە" مان داناوە.

بەڵام بەزۆری، هەوڵمان داوە کە بە شێوەیەکی ڕاستەقینە لەگەڵ دڵ و ڕۆحی کتێبەکەدا بین، ئەوەش ئەوەیە کە ئەو زانیارییەکە کە پێویستتە دەبێت نەک هەر لەبەردەستتا بێت بە یەک چاو تروکاندن، بەڵکو سانا و سادە بێت! کەواتە، ئایا تۆ وێندۆزی ڤیستا لە یەک کۆمپیوتەری ماڵەوەدا بەکار دێنیت، یان چەند کۆمپیوتەرێک کە بەشێکن لە نێتووڕکێک، یان لە ئۆفیسێکدا، ئێمە هەوڵمان داوە کە ئەم کتێبە ڕبکەین بە هەموو شتێک کە بە بیرماندا هاتبێت کە تۆ پێویستت پێ دەبێت، لە سادەترین کردارەوە تا کردارە پێشکەوتووەکان. وێندۆزی ڤیستا زۆرجار چەند ڕێگەیەت دەخاتە بەردەست بۆ ئەوەی یەک کار ئەنجام بدەیت، کە دەکرێت سەرت لێ تێک بدات یاخۆد دڵخۆشت بکات، ئەمەش پشت بەوە دەبەستێت کە تۆ چۆن حەز دەکەیت ئیش بکەیت. ئەگەر حەز ئەکەیت هەمیشە یەک ڕێگەی خۆش و ئاسان بەکاربێنیت، ئەوا ئەو ڕێگانەی لەم کتێبەدا باس کراون ئەو ڕێگەیەن.وە یان ئەگەر حەز دەکەیت چەند ڕێگەیەکی جیاواز تاقی بکەیتەوە، دەست پێ بکە! شێوازی نوێی وێندۆزی ڤیستا بانگهێشتت دەکات بۆ گەڕان بەناویدا، لەکاتی گەڕانەکەتدا چەندین ڕێگە دەدۆزیتەوە کە دەکرێت حەزیان لێ بکەیت. ئەوەش ئامانجی گەشەپێدەرانی وێندۆزی ڤیستایە کە چەندین ڕێگەیان داناوە بۆ ئەوەی هەمان کار ئەنجام بدەیت.



باسێکی خێرا

لەوانەیە کۆمپیوتەرەکەت لەگەڵ کڕینیدا خۆی وێندۆزی ڤیستای لەسەر بێت، بەڵام ئەگەر پێویست کات خۆت دای بەزێنیت، ئەوا هەنگاوەکانی دابەزاندنەکە ئەوەندە ئاسانن هیچ یارمەتیت پێویست نییە. دواتر، پێویست ناکات تۆ ئەم کتێبە بخوێنیتەوە بەشێوەیەکی دیاری کراو. ئەم کتێبە وا دانراوە کە ڕاستەوخۆ بازبدەیتەوە ناوەوە، ئەو زانیارییەت دەستبکەوێت کە پێویستتە، پاشان کتێبەکە دابخەیتەوە و لە نزیک کۆمپیوتەرەکەتدا دای بنێیت. بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە ئێمە زانیارییەکەمان پەرش و بلاو کردبێتەوە بەبێ گوێ پێ دان. ئەو کردارانەی کە دەتەوێت ئەنجامیان بدەیت بە دوو قۆناغ "مەرحەلە" دانراون. کردارە گشتییەکانی کە تۆ بۆیان دەگەڕێیت عینوانێکی سەرەکی بۆ دانراوە وەک "دۆزینەوەی شتێک لە ئینتەرنێت دا"، "بەکارهێنانی لیستی شۆرتکەت بۆ ئەنجامی خێرا"، هتد. دواتریش، لە هەریەک

Preview sample - page 2 of 4 - Soran University Academic Digital Library

لەو بەشانەدا کردارە بچووکەکانی ناو کردارە گەورەکان داڕاون و ڕێزکراون لە سادەترینەوە بۆ ئالۆز. ئەی باشە، کەوان چی لە کۆپنایە لەم کتێبەدا؟

بەشی (٢) باسی بابەتە سەرەکییەکان دەکات. دەستپێکردنی ویندۆزی ڤیستا و داخستنەوەی. گۆڕینی بەکارهێنەرانی کۆمپیوتەرەکە بەبێ داخستنەوەی بەکارهێنەرێک. کردنەوەی پرۆگرامەکان و نیشکردن لە ویندۆی پرۆگرامەکاندا. بەکارهێنانی لیستی شۆڕتکەکان. خوێندنی وانەیەک لە قوتابخانەی ماوس و کیبۆرد.

بەشی (٣) تەرکیز لەسەر نیشکردن لەناو پرۆگرامەکان دەکات. وەکو پرۆگرامی Sticky Notes و Journal کە لەگەڵ ویندۆزی ڤیستادا دێن. بەکارهێنانی چەندین گاجێت Gadgetes لە Windows Sidebar دا. لێرەدا زانیاری دەربارەی دەربارەی کردارەکانی ڕۆژانە. دروست کردن. دەستکاری کردن. خەزن کردن. کردنەوە و داخستنی دۆکیومێنتەکان (دۆکیومێنت وانە هەر جۆرە فایلێک لە کۆمپیوتەردا). کۆپی کردنی شت لەنێوان دوو دۆکیومێنتدا. گرتنی وێنەی شاشەکە بەهۆی Snipping Tool دەوە. بەکارهێنانی ژمێریار "حاسیبە" و کیبۆردی سەر شاشە On-Screen Keyboard. لێرەشدا بەشێکی بچووک هەیە بۆ عاشقانی MS-DOS. بەشێکیش بۆ چۆنیەتی نیش پێکردنی پرۆگرامە کۆنەکان.

بەشی (٤) و (٥) باسی چۆنیەتی بەکارهێنانی ویندۆزی ڤیستا دەکەن وەکو پەنجەرەیەک لەسەر جیهان بۆ گەڕان، پەیوەندیکردن. بەکارهێنانی چەند نامڕازێک کە ڕێگەت پێ نەدەن نیش بکەیت و یاری بکەیت لە جیهانی سایبەرسپەیسدا (Cyberspace) ووشەیەکی نینگلیزییە. وانە نەو جیهانە خەیاڵییەی کە زانیاری ئەلکترۆنی تیدا هاتوچۆدەکات. بۆ نموونە کە ئیمەیڵێک دەنێریت و نازانیت چی لێ بەسەرهاتووە. دەڵێیت "لە سایبەرسپەیسدا وون بووە". ئێمە باسی پەیوەندی کردن دەکەین لە ڕێگەی Windows Mail دەوە. نووسین. نارین. وەرگرتن. پێشخستن و ڕێکخستنی ئیمەیڵەکان. بەشداری کردن لە newsgroups دا. بەڕێوەبردن و زیادکردنی خەڵک بۆ لیستی Contacts. بەکارهێنانی ڕۆژژمێری ویندۆز Windows Calendar بۆ ڕێکخستنی مەوعید و چاوپێکەوتن و نیشەکانت. ئێمە لەگەڵ تۆدا دێین کاتێک دەگەڕێیت بە ئینتەرنێتدا. گەڕان بۆ خەڵک و شوێن. دۆزینەوە و دووبارە سەردانکردنی سایتەکان. دروستکردنی ماڵپەڕی خۆت. تەماشاکردنی لاپەڕەی ئینتەرنێتی بە ئۆفلاین (Offline). واتە کاتێک کە خەتی ئینتەرنێتەکەت کۆژاندێتەوە). خەزن کردن و کۆپی کردنی بابەت لە سایتەکانەوە. هتد. هەروەها فێر دەبیت چۆن ڕێگە بگریت لەو پۆپەپ ویندۆیانە (Pop-up windows). هەندێک جار کە سایتێک دەکەیتەوە لەپڕ ویندۆیەکی بچووکی لەگەڵدا دەکرێتەوە) کە زۆر بێزار کەرن و زۆر جار مەترسی دارن.

بەشی (٦) تایبەتە بە یاری کردن. وەکو یاری Chess Titans، Mahjong Titans. هەروەها شەش یاری ناسراوی دیکە بۆ نەوەی بێتاقەت نەبیت و هەست بە پێشچێکێ بکەیت. هەروەها سێ یاری نوێ: Comfy Cakes، Purple Shop و Purple Pairs کە ئەندامانی بچوکی خێزانەکەت دڵخۆش دەکەن.

بەشی (٧) و (٨) باسی نیشکردن لەگەڵ جۆرە جیاوازەکانی وێنە دەکەن لە گەلەری وێنەی ویندۆزدا (Windows Photo Gallery). نیشکردن لەگەڵ وێنەی کامێرا دیجیتاڵییەکان و کامێرا ڤیدیۆییەکان. پێکهێنانی مەڵتیمیدیا سلایدشۆ (Slideshow). وانە پیشاندانی وێنەکان یەک لەدوای یەک) و دروست کردنی ترانزیشن (Transition). وانە نەو کاریگەرییەی کە دەتوانیت دای بنێیت لە نێوان دوو کلیپدا. کاتێک کە یەکەمیان تەواو دەبێت و دووەمیان دەست

پێدەکات، ئەتوانیت وا لە یەکەم بکەیت کە شتێکی بەسەر بێت، وەک ئەوەی ببێت پەنجەر و دیار ئەمێنێت لێنجا دووەم دەست پێ بکات) لەنێوان ڤیدیۆ کلیپەکاندا، لێدان و تەسجیل کردنی مۆسیقای سەر سی دیپەکان. دروستکردن و گۆڕگرتن لە پلەی لیست (Music playlists). واتە ڕێکخستنی گۆرانییەکانی ناو کۆمپیوتەرەکەت بۆ ئەوەی بەو ڕێزبەندییە نیشیان پێ بکەیت کە دەتەوێت، واتە خۆت دەتوانی دیاری کەیت کە یەکەم گۆرانی چی بێت، دووەم چی بێت، سێیەم ... هتد). دڵنیابە کە سەرت سوڕدەمێنێ بەو ئەنجامە پڕۆفیشنەڵانەی کە دەتوانیت بەدەستیان بێنیت لە ڕێگەی زیرەکی خۆت و نامڕازەکانی ویندۆزی ڤیستا، لەوانە میدیا پلەیەر، میدیا سەنتەر، لەگەڵ Movie Maker.

بەشی (٩) دەربارەی دەنگە. کۆنترۆڵ کردنی بەرزی و نزمی ئەو دەنگانەی کۆمپیوتەرەکەت دروستی دەکات، دروستی کردنی فایلی دەنگی، دانانی دەنگ بۆ کردارەکان، هتد. بەڵام زۆرێی ئەم بەشە ئایبەتە بە سیستمی بەهێزی ئاسیئەوەی دەنگی ویندۆزی ڤیستا کە ڕێگەت پێ ئەدەن کە فەرمان بە کۆمپیوتەرەکەت بکەیت لەڕێگەی قسەکردنەوە. بەناو ڕێبەرێکدا دەچیت کە فێرت دەکات ئەو فەرمانانە چین کە دەبێت بەکاریان بێنیت بۆ ئەوەی پرۆگرامەکە لە دەنگی تۆ و شێوازی قسەکردنت تێبگات.

هەروەها، پرۆگرامێکت هەیە کە پێ دەوترێت Narrator (واتە خوێنەرەوە) کە بابەتەکان سەر شاشەی کۆمپیوتەرەکەت بۆ دەخوێنێتەوە، ئەمەش ئایبەتمەندێتییەکی بەنرخە ئەگەر توانای بینینیت وەکو جاران وا نەبێت!

بەشی (١٠) ئەو شوێنەیە کە دەبێت بۆی بچیت بە پرسیارەوە دەربارەی چاپ کردنی دۆکیومێنتەکان و کێشەکانی کاتی دابەزاندنی پرنتەر. ویندۆزی ڤیستا چاپ کردنی وێنەکانت دەکات بەیەک چاوترۆکاندن، هەروەها ئێمە پیشانت دەدەین چۆن لاپەڕەی ئینتەرنێت چاپ بکەیت. ئەم بەشەی کتێبەکە هەروەها باسی چۆنێتی دروستکردنی دۆکیومێنتی XPS دەکات، کە ڕێگە بە دۆکیومێنتەکانت دەدات کە شێوەیان بەتەواوەتی هەمان شێوە بێت بەبێ گرنگی دان بەوەی لە چ کۆمپیوتەرێکدا دەیان کەیتەوە، ئەمەش ئایبەتمەندێتییەکی زۆر بەسوودە کاتێک پێویستت بەوە دەبێت کە تەسمیم و شێوازی دۆکیومێنتێک بپارێزیت. هەروەها باسی سکانکردن و بەدیجیتاڵکردنی وێنەکانت دەکەین لەم بەشەدا.

بەشی (١١) باسی بەڕێوەبردن و ڕێکخستنی دۆکیومێنت و فایل و فۆڵدەرەکانت دەکات؛ گواستنەوە و کۆپی کردنی فایلەکان، دروست کردنی سیستمێک لە فۆڵدەر بۆ ئەوەی تیایاندا دایان بنێیت، هاوبەشکردنی فایلێک لەگەڵ بەکارهێنەرانی دیکە، بەدەست هێنانەوەی شتی سڕاوە، بەکارهێنانی فۆڵدەر کەپس کراو بۆ بچووک کردنەوەی فایلی گەورە، خەزن کردنی فایل لەسەر سی دی، دی ڤی دی، یان جۆرەکانی تری میمۆری، ڕێکخستنی و ڕێزکردنەوەی شتەکانی سەر دێسکتۆپەکە (Desktop: شاشەی سەرەکی کۆمپیوتەرەکە، کە دوای داگیرساندن دەچیتە سەری)، هەروەها گەڕان بەناو تووڵبارەکاندا.

بەشی (١٢) بەشی ئینتوورکە: جۆرەکانی ئینتوورک کە لەوانەیە ڕووبەڕوویان بیتەوە، چۆنیەتی دۆزینەوەی ئەوەی کە دەتەوێت لە ئینتوورکەکەدا،هەروەها چۆنیەتی بەکارهێنانی توانای ئینتوورکە بۆ باشترین بەرژەوەندی خۆت. ئێمە پیشانت دەدەین چۆن فایل، فۆڵدەر و پرنتەر هاوبەش بکەیت، چۆن پەیوەندی لەگەڵ ئینتوورکەکەتدا بکەیت بە چەندین ڕێگەی جیاواز. ئێمە باسی چۆنێتی پەیوەندی کردن بە ئینتوورکە بێ وایەرە گشتییەکان دەکەیت، چۆنێتی خانەخوێ کردنی چارپێکەوتنێکی ئینتوورکی یان بەشداری کردن لە یەکێکدا، هەروەها دڵنیاکردنەوە لەوەی کە پەیوەندییە بێ وایەرەکانت پارێزراو بن و ناسایشیان هەبێت.

Preview sample - page 3 of 4 - Soran University Academic Digital Library

بەشی (١٣) دەربارەی دامەزراندنی کۆمپیوتەرەکەتە. لێرەدا زانیاری دەدۆزیتەوە دەربارەی گواستنەوەی فایل و فۆڵدەر و سیفاتەکان لە کۆمپیوتەرێکەوە بۆ کۆمپیوتەرێکی تر بەبێ لەدەست دانی هیچ یەک لەو زانیارییە بەنرخانەت. هەروەها فێری چۆنێتی داگیرساندن و کۆژاندەوەی پێکهاتەکانی وێندۆز دەبیت، هەروەها چۆنیەتی دامەزراندی Windows Mail، خەتی ئینتەرنێت و پرنتەرە ناوخۆیی و نێتوۆرکییەکانت و هەرجۆرێکی دیکەی ئامێر.

بەشی (١٤) هەمووی باسی دەستکاری کردنی کۆمپیوتەرەکەتە بۆ ئەوەی بیکەتە بەو شێوەیەی کە دەتەوێت، وات لێ دەکات کە هەست بکەیت بەوەی کە تۆ سەروکی کۆمپیوتەرکەتی و نەتوانیت دەستکاری نزیکەی هەموو شتێک بکەیت لە وێندۆزی ڤیستادا. نەتوانیت شێوازی دەرکەوتنی وێندۆزەکە بگۆڕیت بەهۆی themes و ڕەنگەوە، هەروەها دەتوانیت theme ی تایبەت بە خۆت دروست بکەیت. نەتوانیت کاریگەرییە نوێکەی Windows Aero تاقی بکەیتەوە، نەتوانیت دەستکاری باگگراوندی دێسکتۆپ، سکرین سەیڤەر، فۆڵدەر، ئایکۆنەکانی دێسکتۆپ، وێنەی خۆت، تاسکبار، لیستی Start بکەیت. هەروەها دەتوانیت شێوازی نیشکردنی ماوسەکەت و شێوازی کرانەوەی سی دییەک بگۆڕیت. نەتوانیت چەند شێوازێکی دیکەی نیشکرن تاقی بکەیتەوە، هەروەها ئەگەر لە شوێنێکی دیکەی جیهان دەڕیت یان زمانێکی دیکە بەکار دێنیت، نەتوانیت کیبۆردەکەت بکەیت بە ئەو زمانەو و کاتژمێر بۆ تاسکبار دابنێیت بۆ ئەوەی بزانیت کات کەیە لە شار یان وڵاتێکی دی.

بەشی (١٥) باسی شتێک دەکات کە لەوانەیە گرنگترین بەشی کتێبەکە بێت: ئاسایش! لەم بەشەدا باسی هەموو ئەو ڕێگانە دەکەن کە دەتوانیت پارێزگاری لە خۆت و کۆمپیوتەرەکەت بکەیت لە چالاکی خەڵکانی تر، جا ئایا کەسانێکن کە لەسەر کۆمپیوتەرەکەی تۆ ئیش دەکەن، یان لە شوێنێکی دووردا خۆیان حەشاردراوە و نەیانەوێت ناو کۆمپیوتەرەکەت لەڕێگەی ئینتەرنێتەوە بگەڕێن. ئێمە پێشنیار دەکەین چۆن پاسوۆردی بەهێز بەکاربهێنیت بۆ ئەوەی ڕێگە بگریت لە کردنەوەی کۆمپیوتەرەکەت کاتێک خۆتی لێ نەبیت، باسی دروست کردنی Contact ی باوەڕپێکراو دەکەین، هەروەها بەکارهێنانی کۆنترۆڵی دایک و باوک بۆ پاراستنی منداڵان، دانانی فایەرووڵ (firewall) بۆ ڕێگەگرتن لە دزەکردنی خەڵکانی دی لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە، پاراستنی زانیارییە تایبەتەکانت لە ئینتەرنێتدا، هەروەها زیاد کردنی پاراستنی خۆت لە ڤایرۆسە مەترسیدارەکانی ئیمەیل.

وە لە کۆتاییدا، بەشی (١٦) گرنگی دەدات بە ئەنجامدانی کاری چاک کردن لەسەر وێندۆز. ئەگەر کێشەیەک لە سیستەمەکەتدا دروست بێت، ئێمە یارمەتیت دەدین بیدۆزیتەوە، یارمەتی وەربگریت، و سیستەمەکت بگەڕێنیتەوە بۆ باری ئیشکردنی.

وێندۆزی ڤیستا چی نوێی تیایە؟

یەکێک لە پێکهاتە دیارە نوێکانی وێندۆزی ڤیستیا بریتییە لە توانای ئەنجامدانی هەرجۆرێک گەڕان لە هەر شوێنێکی کۆمپیوتەرەکەتدا. ئەگەر بتەوێت دوکیومێنتێک بدۆزیتەوە، هەر لە لیستی Start دا یان لە هەر وێندۆیەکی تردا بێت بۆی بگەڕێ. ئەگەر تۆ ئەڵێیت "ئەی ئەمە چ شتێکی نوێی تیایە؟"، ئەمە بکە: پەنجە بە کلیلی وێندۆزدا بنێ لەسەر کیبۆردەکەت (ئەو کلیلەی کە ئیشارەتی وێندۆزی لەسەر)، ئینجا بەشێک لە ناوی پروگرامێک، فۆڵدەرێک یان فایلێک بنووسە. کلیلی وێندۆز لیستی Start دەکاتەوە، وە، کاتێک کە تۆ دەنووسیت، ئەنجامەکانی گەڕانەکەت هەر لە لیستی Start دا دەردەکەون. شتێکی گرنگی تر دەربارەی گەڕان ئەوەیە کە نەک هەر دەتوانیت کۆمپیوتەرەکەت بگەڕێنیت، بەڵکو ئەتوانیت هەموو ئینتەرنێت بگەڕێنیت لە لیستی Start ەوە یان هەر وێندۆیەکی دیکەوە بێت.

هەندێک پێکهاتەی دیکە دەدۆزیتەوە کە ئیشکردن لەسەر کۆمپیوتەرەکەت لە هەموو کاتێک ئاسانتر دەکەن، وەک لینکەکان لە هەموو وێندۆکاندا، هەندێکیان لەلایەن وێندۆزەوە دانراون، هەندێکیشیان خۆت ئەتوانیت دای بنێیت، کە ڕێگەت پێ ئەدەن کە بیەڕێتە ئەو شوێنانەی کە ئەتەوێت. وێندۆزی ڤیستا هەروەها نامراز و پێکهاتەکانی کۆکردووەتەوە لە هەندێک شوێندا بەپێ کردارەکان بۆ نموونە، سەنتەری بەخێرهاتن (Welcome Center) هەیە کە یارمەتیت ئەدات کە زیاتر دەربارە کۆمپیوتەرەکەت بزانیت و پیشانت ئەدات چۆن کۆمپیوتەرەکەت دابمەزرێنیت و دەستکاری بکەیت، سەنتەری گەڕوکی (یان کۆچەری Mobility Center)، کە یارمەتیت ئەدات کۆمپیوتەرە پۆرتەبڵەکەت (واتە لاپ تۆپ) دابمەزرێنیت کاتێک لە گەڕاندایت. سەنتەری نێتوۆرک (Netword Center)، کە یارمەتیت ئەدات کە نێتوۆرکەکەت ڕێک بخەیت، کۆنترۆڵ بکەیت، بپارێزیت و تێیدا بگەڕێیت. سەنتەری ئاسانی چوونە ناوەوە (Ease Of Access Center)، کە یارمەتیت ئەدات دەستکاری سیفاتی کۆمپیوتەرکەت بکەیت بۆ ئەوەی بەکارهێنانی کۆمپیوتەرکەت بۆ ئاسان ببێت، سەنتەری ئاسایش (Security Center)، کە تیایدا ئەتوانیت دڵنیا بکەیتەوە لەوەی کە کۆمپیوتەرەکەت پارێزراوە لە هەموو ئەو شتە ئازاردەرانەی لەناو سایبەرسپەیسدا خۆیان حەشار داوە.

یەکێک لە یەکەمین ئەو شتانەی کە تێبینی دەکەیت لە وێندۆزی ڤیستادا دەربارەی ئاسایش، کە لەوانەیە تۆ بە شتێکی زۆر بێزارکەری دانێیت ئەو دایەلۆگ بۆکسەیە کە بەردەوام دەکرێتەوە و داوای پاسوۆردی بەڕێوەبەری کۆمپیوتەرەکەت لێ دەکات (یان ئەگەر خۆت بەڕێوەبەری کۆمپیوتەرەکە بیت، پرسیارت لێ دەکات کە ئایا دەتەوێت بەردەوام بیت یان نا؟). ئەم تایبەتمەندێتییە، کە بە کۆنترۆڵی حیسابی بەکارهێنەر (User Account Control) ناسراوە، دەرگای تایبەتمەندێتییە پارێزگارییە زۆر بەهێزەکانی وێندۆزی ڤیستایە. هەر کاتێک ئەو دایەلۆگ بۆکسە دەکرێتەوە، هۆکاری ئەوەیە کە تۆ (یان پروگرامێک) هەوڵی ئەوەت داوە دەستکاری شتێک بکەیت کە گۆڕانکاری لە وێندۆزدا دەکات، یان کارێگەری لە توانای کارکردنی بەکارهێنەرانی دیی کۆمپیوتەرەکە دەکات، یان شتێکی نوێ دەخاتە ناو کۆمپیوتەرەکەوە کە دەکرێت مەترسیدار بێت بۆ سیستەمەکە. بەوەی کە داوای موڵەتت لێ دەکات، وێندۆز ئەک هەر ئاگادارت دەکاتەوە کە ئەم جۆرە کردارانە بێجگە لە تۆ کەسی تر ناتوانێت لەسەر کۆمپیوتەرەکەت بیکات، بەڵکو هەروەها ڕێگە لە هاکەرز و ڤایرۆسەکان و پروگرامی دیکە دەگرێت کە بەشێوەیەکی خراپ کۆمپیوتەرەکەت بەکار بێنن یان زیانی پێ بگەیەنن. سەرەڕای ڕووبەڕوو بوونەوەی زۆری "کۆنترۆڵی حیسابی بەکارهێنەر"، تێبینی ئەوە دەکەیت کە هەرچەندە چەندین پێکهاتەی پاراستن لە سەر کۆمپیوتەرەکەت بەردەوام کار دەکەن، زۆر بە کەمی دەست دەخەنە ناو کارکردنت. بۆ نموونە، پروگرامی ئینتەرنێت ئێکسپلۆرەر (Internet Explorer) لە شێوازی "پارێزراو" (Protected) دا کار دەکات، کە ڕێگە دەدات بەوەی کە بە پرسەپڕی بەناو ئینتەرنێت دا بگەڕێیت و کار بکەیت، بەڵام پروگرامەکە بەشێوەیەکی سەربەخۆ لە سیستەمەکە کار دەکات، بۆ ئەوەی سیستەمەکە پارێزراو بێت. هەرگیزەکەری وێندۆزی (Windows Defender) بەردەوام ئاگای لە کۆمپیوتەرەکەتە لە سپای وەیر (spyware) و پروگرامی دزەکردنی دیکە، هەروەها دیواری ئاگرینی وێندۆز (Windows Firewall) ڕێگەدەگرێت لە چوونەناو کۆمپیوتەرەکەت بەبێ موڵەت و گواستنەوەی بێ موڵەتی زانیاری لە کۆمپیوتەرەکەتەوە. سەردانێکی خێرای سەنتەری ئاسایش وێندۆز (Windows Security Center) پیشان دەدات کە وێندۆزی ڤیستا خەریکی چیبە بۆ پاراستنی کۆمپیوتەرەکەت،هەروەها پێت دەڵێت کە پێویستە چی بکەیت بۆ ئەوەی کۆمپیوتەرەکەت بە پارێزراوی بهێڵیتەوە. ئەتوانیت منالەکانت بپارێزیت لە زیان کاتێک کە کۆمپیوتەرەکەت بەکار دەهێنن: بە بەکارهێنانی تایبەتمەندێتی کۆنترۆڵی دایک و باوک (Parental Controls)، ئەتوانیت ڕێگە بگریت لەو سایت و ڤیدیۆ و یاری و بەرنامەی تەلەفزیۆنی و هەرجۆرێکی تری بابەت کە بە نەشیاوی دەزانیت بۆیان، هەروەها دەتوانیت سنوور بۆ ئەو ماوەیە دابنێیت کە منداڵەکانت (یان هەرکەسێک) دەتوانن کۆمپیوتەرەکە بەکار بهێنن.

پێکهاتەیەکی زۆر گرنگی تری وێندۆزی ڤیستا بریتییە لە دەرکەوتنی شۆشەیی ئەیرۆ (Aero). ئەگەر پارچەکانی کۆمپیوتەرەکەت بتوانن ئیش بەم پێکهاتەیە بکەن، ئەوا بەشەکانی وێندۆکان و چەندین پێکهاتەی وێندۆز دەکرێت

Preview sample - page 4 of 4 - Soran University Academic Digital Library